

# نهێنیەکانی خۆشبەختی و رازەکانیسەرکەوتن لەژیان

هێڤار ــ خالید قادر

رانیە

بەشی پێنجەم

hevar_1@yahoo.com

ئالبیرت هۆبارت دەلێت : گەورەترین هەڵەی ژیان ئەوەیە کە مرۆڤ بەردەوام ترسی لە هەڵە بێت .

ترس لە هەڵە بوون زۆر جار مرۆڤ پەیگری ناهومێدی و ترس و دوودڵی دەکات . لاوازی و شەرمنی و ترسنۆکی ، لە زۆر بواردا مرۆڤ کلۆل و بەدبەخت دەکات ، و لە رازەکانی شادی و بەختەوەری دووری دەخاتەوە ، بە پێچەوانەوە سەرچڵی و یاخی بوون ، کە لەسەر بنەمای تێگەیشتن وتێفکرینەوە ئەنجام بدرێت ، مرۆڤ بە شێوازی تازەتری ژیان ئاشنا دەکات .

نیچە بیریاری گەورەی ئەڵمانی ، ژیان لەو دیوو سنوورەکانی چاکەو خراپەو حەقیقەتەوە دەبینێت ، ئەو لە تێزەکەی خۆیدا پیرۆزیەکان دەشکێنێت و لەسەر بنەمای ئیرادەی هیزەوە باس لە مرۆڤی بە توانا و بالا بوونی مرۆڤ دەکات .

مرۆڤی سۆپەرمانی لای ئەو بیریارە کەسێکە ، کە خۆی بەهاکانی خۆی بەرز دەکاتەوە و بە دیار چاوەروانی و هێزێکی بالاترەوە دانانیشێت . بەردەوام لە بەرزییەوە دەروانێت ، نەك لە لێژاییەوە ، خاوەن بریار و ئیرادەیەکی بەهیز و بەتوانایە ، نەك ترسنۆك و شەرمن گرگن . لە داهێنان و گەورە بوون و سەرکەوتن و دروست کردن دەدوێ ، نەك لە بێهێزی و لاوازی پرو پووچی . بانگەشەی بالا بوونی مرۆڤ ، تا رادەی شکانی بەستەڵەکەکانی ( حەرام و حەلاڵ ) و ( چاکە و خەراپە ) و ( رەش و سپی ) وەلانانی پیرۆزیەکان .

ئەو لە کتێبی ( وەهای گووت زەردەست ) بانگەشەی مردنی خوا دەکات و مرۆڤ لە خەیاڵی ئەو دنیا ، و لەسەرەوەی ئاسمانەکانەوە دێنێتەوە سەر زەوی ، دەیکاتە چەقی بیردۆزەکەی خۆی . وا دەبینیت خۆشبەختی و سەرکەوتنی ژیان ، پیوەندی بە ژیانی کۆیلانە و ژیانی قارەمانتیەوە هەیە .

ژیانی کۆیلانە ، ئەوەیە کە بە شتێک رای بین کە شایەستەی خۆمـان نـەبێت . بـە سـۆز بـیر بکەینـەوە ، نـەک بـە عـەقل . لـە کـەلتوور وداب و نەریتـەوە بـێین ، نـەک لـە توانـاو خواستەکانمان . دەبینە مەقاش و دەروێش ، نەک کارەکتەرێکی زینـدوو چـالاک . کەسـێک بەردەوام ، چاوەرانی ئەوە بێت شتی بدەنێ ، نەک خۆی شت پەیـدا بکـات و بـیر لـە داهێنـان بکاتەوە . گوێگر بێت ، نەک قسە کەر ، کارپێکراو و رەشبین بێت ، نەک بکـەر و گەشـبین .

بەلأم قارەمانیەتی بریار و چالاکی و سەرچلی و ئیرادەی ژیانە ، بروا بوون بە سەرکەوتنە ، بە گـژدا هاتنـەوەی مەحاڵەکانـە ، پشـت بەسـتنە بـە خـۆت ، نەترسـانە لـە گرفـت و خـەم ، هەڵوەشانەوەی هەموو ئەو رێگرانەیە کە مرۆڤ لە بەهاکانی خۆی دادەماڵێـت . قارەمـانی وەک هێزی ژیان و هەوڵ دان بۆ بالأیی خۆی دەنوێنێ .

چەمکی چاکە و خەراپە لە دیدی ئەودا ، تێگەیشتنێکی جیاواز لە کۆمەڵگای هەیە ، کە بـەردەوام لە رێگای کەلتوور و شتە پیرۆزەکانەوە ، ژیان بەسەر دوو بەشدا دابـەش دەکـات . لای ئـەو مرۆڤ دەبێت لەسەرووی ئەو حەقیقەتە پوچانەوە ، کارا و زیندوو چالاک بێت و خـۆی خـاوەنی خۆی بێت .

خۆشبەختی لە دیدی ئەودا ، لە دەرەوەی تابوتـەکانی خەسـاندن و بیـدەنگ کـردن و لاوازی و نەخۆشیەوەیە . هەمیشە بە ئیرادەیەکی گەورە و روحێکی مندالأنەوە ، عەوداڵی پـەی بـردن بـە رازەکانی سەرکەوتنە .

ئـەم بیریـارە خـاوەن تێزێکـی قـورس و ئـاڵۆزە کـە بۆچـونەکانی زۆرتـر لـە رەهەنـدێک ، یـان خوێندنەوەیەک ، بە خۆوە دەگرێت . لە ژیان دۆستیەوە تا رادەی خوێندنەوەیەکی فاشـیزمی ! بەلأم کاری ئێمە نیە لەو بابەتەدا بە دوایدا بچین . بە تای ئەوەی لەسەر ئیرادە و هێـزی ژیـان دەوەستین چونکە نهێنیەکانی خۆشبەختی و سەرکەوتن ، لەرێرەوەکانی ژیاندایە ، لە ناو جەستە و روحی مرۆڤەوە هەڵدەقولێت ، نەک شوێنی تر .

مرۆڤ لەم ژیانەدا لە دایک بوە بۆ ئەوەی بژی ، ژیانێک شایەستە بە خۆی ،بەلأم ژیانیش بە بێ جوانی وخۆشبەختی مانایەکی نیە ، بۆ ئەوەی خۆشبەخت و سەرکەوتووش بین دەبێت هەڵوێسـتە لەسەر ئەو ووتەیەی (ناپلیۆن بۆناپارت ) بکەین کاتێک لێان پرسـی نهێنـی سـەرکەوتنەکانی تـۆ لـە چیدایە ؟ ئەو لە وولأمدا ووتی :

(( ئەگەر یەکێک ووتبای ناتوانم دەمووت هەوڵ بدە ، ئەگەر ووتبای نازانم دەمووت فێربـە ، بیوتایە مەحاڵە دەمووت تاقی بکەوە )) .

هەوڵ دان و فێر بوون و تاقی کردنەوەکانی ژیـان ، زەمینیەیـەکی بـاش دەرەخسـێنن بـۆ ئـەوەی مرۆڤ لە ژیاندا سەرکەتووبێت . بۆیە گرنگ نیە خاوەنی چیت و چیت هەیە گرنگ ئەوەیـە چـۆن دەتوانی لەگەڵ کەرەستەکانی ژیانت مامەڵە بکەیت .

ئاگاتا کریستی دەڵێت :

(( بەختەوەری لە گرەوی سێ شت دایە ( کار ، خۆشەویستی ، ئومێد ) )) .

خۆشبەختی سەرکەوتن پەیوەندیان بە ئازایەتی و بریارەوە هەیە ، کە پێویستە مرۆڤ چاوترسـاو و ترسنۆک نەبێت و توانای بریار دانی هـەبێت ، چـونکە گـرنگ نیـە تـۆ لـە هـەموو کارەکانـت سەرکەوتوو بیت ، گرنگ ئەوەیە لە دوای هەموو شکستێک ، ئەزمونێک وەرگریت و بتوانیـت بـە عشق و ئازایەتی و گەشبینیەوە ، کار بکەیتەوە و بریار لە ژیانت بدەیتەوە ، چونکە ئەوەی لە ژیاندا توانای بڕیاری نەبێت ، ناتوانیت پەی بە رازەکانی سەرکەوتن بەرێت

ر . بارسیل ) دەڵێت :

(( ئەوەی توانای بریاری نەبێت بریاری لەسەر دەدرێت )) .

زۆرن ئەوانەی کە ژیان هەر لە خـواردن و خـەودا دەبیـنن ، وەک مەکینیـەک تەماشـای خۆیـان دەکەن و لە راز و کۆدەکانی جەستە تێناگەن . وەک بەردێک لە جوغزێکی تاریکی ژیانـدا چـەق دەگرن و وەک ئامێرێک سەیری حەزو ئـەنگنێزەکانیان دەکـەن و پیرانـە دەژیـن و پیرانـە بـیر دەکەنەوە .

ئێمە زۆر جار کە بۆ سەرنەکەوتنی خۆمـان ، لـە کارەکـانی رۆژانـەمان بەهانـە دەدۆزنـەوە و پێمان وایە ئیتر ئومێدیک نەماوە بۆ کار کردن . زۆر جار بۆ بیهودە و پوچی ژیانمان پینە و پەرۆ و بەڵگەی داتاشراو دەهێنینەوە ، لە کاتێکدا خودی ئەو بەهانـە و بەڵگـە بـێ بنەمایانـەن کـە روحی مرۆڤ لاواز و بێهودە دەکەن .

هێلن لکیز دەڵێت :

(( بەردەوام لە تیشکی خۆر بڕوانن بەم شێوەیە تاریکی نابینن ))

روون بینی لە ژیاندا رووناکیت پێ دەبەخشێ ، لە هەوڵداندا سەرکەوتن فەراهەم دەبێـت ،بـۆ بە دەست هێنانی خۆشبەختی و سەرکەوتنی ژیان ، هەموو کاتێک دەتـوانی بریـار بـدەیت و هـیچ کاتێکیش درەنگ نیە بۆی . مرۆڤ دەتوانیت دوای تەمەنی پیریش دووبارە لە دایک بێتـەوە ، دووبارە دەست پێبکاتەوە . خۆشیەکانی ژیان لە هەموو شوێن و کـاتێکی تەمەنـدا بونیـان هەیـە لەگەڵ هەموو رووداو و شتێکدان .

بەختیارعەلی لە شاری مۆسیقارە سپیەکاندا دەڵێت :

« هەموو شتە جوانەکانی ئەم دنیایە به هەزاران جەمسـەرەوە بـە شـتەکانی تـرەوە گرێـدراون ، جوانی لە هەزار ڕێگاوە به ناشیرینی و دزێوی و پیری و دەردەوە گرێدراوە ، لە هەزار ڕێگاوە بـە شەهوەت و ئارەزوو و شەڕەوە گرێدراوە » .

پەی بردن بە جوانی لە هەموو کات و تەمەنێکدا ، لـە نـاو هـەموو ڕووداو و کارەسـاتێکدا ، وا دەکات هەمیشە گوێمان بەلای پاساریەکانەوە بێت و لەگەڵ خۆشەویستی و جوانیدا بژین .

خۆشی و شادیەکانی ژیان لەناو پەنجەی دەسـتمانە ، لـە ژێـر پێڵـووی چـاوەکانە ، لـە ئاسـۆی کارکردن و لەگەڵ ترپـە ترپـی دڵمانـە ، لـە هـەنگاو بـە هـەنگاوی سـەر ڕێگامانـە ، لـە نـاو کاتژمێرەکەی دەستمانە .

دوا جار وەک زۆربا دەلێت :

ئەگەر دەقەیەک چاوەکانمان دابخەین ئەوا شەست چرکە ڕووناکی لە دەست دەدەین

تێبینی :

مافی ئەم زنجیرە بابەتە پارێزراوە تکایە .